Kurdistannet.org

# فاتمـــــــــــه، گیانبەختکردوی ڕێگای ئازادی !

**سامان كريم**

zaryak@yahoo.com

**فاتمه كوژرا بەلاّم بەكوشتنى كلتورى " كوردايەتى" كلتورى دواكەوتوو گەندەڵى دژى ئينسانى هێندەى تر ريسوا بوو، كلتورى " كوردايەتى" كلتورێكى تەواو تێكەڵ و ئاوێزانە بە ئيسلام و ئيسلاميزمەوە و ناتوانێت بە زەرەيەك لێى جيابێتەوە. كلتورى كوردايەتى كلتورى تاوانە، كلتورى ئەتككردن و كوشتنى ژنانە، كلتورى شير بايى و ژن بەژنەو سورانەيە، كلتورى گەورە بەبچوك و بەشودانى ساواى نێو بێشكەيە، كلتورى گۆرينەوەى ژنە بە خوێن، گرتنى ژنە لە خويندا، لە هەمانكاتدا هەڵگرى كلتورى چەند ژنە و فرۆشتنى ژنە بە زێڕو پارە، هەڵگرى كلتورى بەحساب هێنانى ژنە وەك نيوە ئينسان لە ميرات و لەكاروبارى دادگادا، كلتورى بەشودانى ژنە لە ژێر زەبرى چەك و چەقۆدا، كلتورێكە دژ بە ئازادى هەڵبژاردنى هاوسەرى ژيانە لەلايەن ژنانەوە، ئەوە ئازادى جيابونەوە بو ژنان هەر هيچ، كلتورێكە لە بەرانبەر بە كارهێنانى مافى هەلبژاردنى هاوسەرى ژياندا لە لايەن ژنانەوە، وەلاّمى كوشتنى پێیە، فاتمە بۆيە كوژرا، بەلام فاتمە تەنها ئينسانيك نەبوو كە كوژرا، هەر لە سويد " پێلا" يان بردەوە بو دهۆك و كوشتيان، نمونەى ئەم تاوانانە زۆرەو كەم نىيە، لە كوردستانى " ئازاد !" دا لە عێراق ژمارەى كوشتنى ژنان لە ژێر هەمان ناودا كە فاتمەى لەسەر كوژرا واتە لە ژير ناوى " شەرەف و ناموس " دا هەزارەهايە، تەنانەت لاپەرەى ڕۆژنامە رەسمىيەكانيش ناتوانن ئاماژە بەم دياردەيە نەكەن. بەلام ئەم تاوانە گەورەيە، ئەگەر چى بەعەقل و فەرهەنگ و كلتورى كوردى كراوە، بەلام تەنها ليپرسراو ئەم كلتورە نىيە، ئەو كلتورو ياساو دەستورەش بەرپرسيارە كە ڕێگا دەدات ئەم كلتورە لە ناوجەرگەرى وولاتى سويدا بەكاربهێنرێت لە ژێر ناوى " ئازادى كلتورە جياوازەكان" لە ژێر ناوى ديمكراتىو مافر مرۆڤ و پاراستنى كلتورى كەمايەتىيەكاندا، قەتل وعامێك بو ژنان لەنێو ئەوروپادا سازكراوە، لە خەتەنەكردنيانەوە تا دەگاتە بەزۆر ناردنەوەيان، تاكو بەزۆر بەشودان و ڕێكا لێگرتنيان لە هەموو خواست و ويستێكيان وەك ئينسانێكى ئاسايى، وەك " كوڕانى كورد زمان" لە ئەوروپا ياساى پاراستن و ئازادى كلتورە جياوازەكان و كۆمەككردنى بێ درێغ پێيان لە لايەن حكومەتانى ئەورپاوەو لە ژێر ناوى كومەلگاى فرەكلتورىدا، لەوانە حكومەتى سويد بەهەمان شێوە لێپرسراون بەرانبەر رودانى ئەم تاوانانە، بەبێ هەلپێچان وتوڕدانى ئەم ياسايانە، بەبێ هەلوەشانەوەى ئەم ياسا راسستىيانە، ئێمە شاهيدى تاوان وتاوانى تريش دەبين. بەلاّم كلتورى " كوردايەتى" و خەڵكى كوردستان، يان ئينسانە كورد زمانەكان، جوت نين، هەموو " كورد" يێك هەڵگرى هەمان فەرهەنگ و كلتور نىيە، لە نێو خەڵكى كوردستان يشدا وەك خەڵكى هەموو جێگاو وولاتانى تر، كلتورو فەرهەنگى جياواز هەيە، هەر ئێستا لە شارەكانى كوردستان، لە سنەوە بەرەو سلێمانىو دهۆك و دياربكر، چەند جۆرێك كلتور و فەرهەنگ دەبينى، لە بەشودانى ژنانەوە بگرە تاكو مامەلەى نێو خێزان، لە ئيسلامى يەوە بگرە تاكو " كوردايەتى" تاكو كلتورێكى ئينسانى، كلتورێك كە باوەڕى بە ئازادىو يەكسانى ژنان هەيە، لەهەموو مەيدانەكانى ژيانياندا، بۆيە ئەم كلتورى تاوانە بەتايبەت لە ئەوروپادا كلتورى زۆرينەى خەڵكى كوردستان نىيە لە دەرەوە، بەڵكو كلتورى كەمينەيەكە كە تا سەر مۆخ شاخىيە، كلتورى تاوانەو خۆى كلتورێكى ياخىيە، نامۆيە بە ريشەو جەوهەرى ئينسان، نامۆيە بە ويست و خواستى ئينسان، تەماشا كەن بزانن " كوردەكان" بون بە چ فليمێك، لەبەرانبەر ئەم ڕوداوەدا، تەماشاى ڕۆژنامەو كەناڵەكانى تەلەفيزون بكەن، نە تەنها لە سويد بەڵكو لە وولاتانى تريش، نەتەنها ڕۆژنامە سويدى زمانەكان بە ڵكو ڕۆژنامەى " الحيات "ى لندنيش، ئەم كلتورى كوردايەتىو تاوانە، لە سايەى ڕوانگەى زاڵى ئەمڕۆدا بەسەر راى گشتى دا لە ئەوروپا، كە خۆى ڕوانگەو بوچونێكى بانترى ئەورپىيە، كە بۆخۆى ڕوانگەو بوچونێكى زاخاوە بە تەوەر–ئەوروپايى، كە بۆخۆى بيريكە لەسەر پايەى لەت كردن و ئاپارتايدى ئينسانەكان پێكهاتوە بەپێى نەتەوەو دين و تەنانەت قارە كان و باكورو باشور، زەربەيەكى گەورەى دا لە هەموو ئەو كەسانەى بە ناچار زمانى دايكيان كوردىيە، يان كورد زمانن، لە تايبەتمەندى و خەسڵەتى**

Kurdistannet.org

ئینسانی ئەوانی هێنایە خوارەوە، لای ئەوان هەموو کورد زمانێك ئەو ئینسانە کێوی‌یەیە کە ژنان دەکوژێت لەسەر مافێکی زۆر سەرەتایی خۆیان بەتایبەت لەسایەی ماکینەی پڕوپاگەندەی گەورەی حکومەتەکان و هیزە دەست راستەکانی ئەوروپا و خودی وولاتی سوید دا، کە دەیانەوی ئەم کلتوری تاوانە وا نیشان بدەن، کە کلتوری هەموو کورد زمانەکانە، بۆیە ئەرکێکی گەورەو عەزیم لەسەر تەواوی کور زمانە ئازادیخوازو پیشکەوتوخوازو سکولارەکانە، کە ڕیگا نەدەن، ئەم تاوانە بکرێت بەبەرگی هەموو کورد زمانەکاندا.

- ## یاسای "ئازادی و پاراستنی کلتورە جیاوازەکان" یاسایەکی راسستی‌یە و دەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە!

ئەم ئازادی‌یە و یاسایە بۆ؟! بوچی حکومەتانی ئەورپایی زۆر بەتوندی پارێزگاری لە کلتورە جیاوازەکان، یان کلتوری کەمایەتی‌یەکان دەکەن؟! مەسەلە چی‌یە ناوی کەمایەتی دێتە پێش؟! ئایا خاڵێ لێوەهەستانی ئەم حکومەتانە، مەسەلەیەکی ئینسانی‌یە و پاراستنی حورمەت و کەرامەت و پیرسونالّەتی پەنابەران و کۆچکردوانە؟! مەسەلەکەیان پاراستنی مافەکانی ئەوانە وەك هاوولاتیانی ئەوروپایی ؟! بیٚ گومان نا و نا. مەسەلەی پایەیی ئەم حکومەتانە وهێزە ئەصلی‌یەکان لە ئەوروپادا، بەتەواوی مەسلەیەکی جیایە، خاڵی لێوە هەستانی ئەوان، یان دیباجەی ئەوان بو ئەم یاسایانە کە مەودایەکی فراوان دەگرێتە خۆ، بەتەواوی راسستی‌یە، لە بناغەوە لە بیری تەوەر– ئەوروپایی یەوە هاتوە، لەوەوە هاتوە کە ئینسانی ئەوروپی و سپی پێست، کە وەچەی ئەوروپی کاملترن، عاقلترن، لەباری تەکنولوجی زانستەوە لە پیشترن، خاوەنی کلتورو فەرهەنگی ئینسانی‌ترن، ئەم حکومەت وهیزانە ئەم وەصفەیان کردوتە قالبێك، بو هاوولاتیانی ئەوروپی، وە بەکەسی تری ڕەوانابینن، ئینسانەکانی تر لای ئەمان و لە ڕوانگەی ئەمانەوە، لە خوارترن، دواکەوتوترن، شایانی ئەوەنین هەمان مافی ئینسانیان هەبێت کە خەلکی ئەورپا هەیەتی، شایانی ئەوەنین تەنانەت کە مافەکانی ئینسان کە بەنیوە ناچلی و ناتەواو لە جارنامەی " مافەکانی مروۆ" دا هاتوە، بیان گرێتەوە، بۆیە پێوستە کلتوری خۆیان هەبێت وە ئەمانیش ئەرکیانە پارێزگاری لێبکەن و کۆمەکی ماڵی و مەعنەوی بکەن و لەباری سیاسی‌یەوە بیکەنە پایەیەکی مامەڵەیان لە گەڵ پەنابەران و هەموو ئەو ئینسانانەی کە لەدەرەوەی ڕوژئاواوە هاتون. ئەو ئینسانە لە ڕوانگەی دەسەلاتداران و هێزە دەست ڕاستەکانی ئەوروپاوە، پێویستە یاسای تایبەت بەخۆیان هەبێت کە پارێزگاری بکات لە کلتوری خۆیان، کلتوری ژن کوشتن، توندو تیژی بەرانبەر بە ژن و بەمنداڵ، موحەجەبەکردنی منداڵان، ڕێگا گرتن لە ژنان و کچان تاکو دەمرن، بو بەکارهێنانی ویست و ئارەزویەك کە هەیان بێت و سود وەرگرتن لە فەزایەکی ئینسانی تر کە هەیە ئەوروپادا و..... ئەم حکومەتانە تا ئیستاش مەگەر لە ژیر فشاری ریکخراوەو ئینسانە ئازادیخوازو پیشکەوتوخوازەکاندا، ئەگینا لە بەرانبەر کوشتنی ژناندا، لەبەرانبەر توندو تیژی ژناندا، لە بەرانبەر موحەجەبەکردنی منداڵاندا، نەك هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوە بەڵکو لە ژێر ناوی " کلتوری خۆیانە " دا چاویان لە سەدەها تاوان پۆشیوە ، سەرنج بدەنە ڕۆژنامەکانی بەریتانیا و هاوارو ناڵەی ژنانی پاکستان وهیندستان، تەماشای جورئەتی باوکی فاتمە بکەن لەخۆ تەسلیم کردنی بە پۆلیس، ئاهو ناڵەی ژنانی صوماڵی و مەغربی و... تاوانباران بە شەهامەتی تاوانباری خۆیانەوە پاریزگاری دەکەن لەوەی کە کلتوری ئێمەوایە و دادگا یش!! زۆر بیٚ شەرمانە ئازادیان دەکات، نمونەی ئەم تاوانانە ئازادکردنی تاوانباران کەم نین بەتایبەت لە بەریتانیادا. بەلام حکومەتان و هێزانی دەست ڕاست بو ئەم کاردەکەن؟ مەسەلی ئەوان بەجیا لە ڕوانگە راسستی‌یەکەی، ڕاستەخۆ بو کەرت کردنی ئینسانەکانە، ڕاستەخۆ بوئەوەیە لەمپەرێك دابنێت لەنیوان ئینسانەکاندا بوئەوەی کە پێکەوە یەکنەگرن، بۆئەوەی بەهوٚیٚ شوناسنامەی جیاوازەوە هەمیشە دور لەیەك ڕایان بگرێت، بوئەوەی لەهەر هەلومەرجێکدا کە دەسەلاتەکەی و ئابوری‌یەکەی پێویستی پیٚی بێت باس و قەزی‌یەکی هەبێت بۆ دروست کردنی ناکۆکی کۆمەلایەتی گەورە و بیکاتە کوسپێکی کۆمەلایەتی و وای نیشان بدات، کەئەم پەنابەرانە وئەم ئینسانە پرچ رەش و ئیسلام و کوردو عەرەب و.... کوسپی گەورەن بۆیە خەڵکی وولات، بێکارن، بویە کریٚ کەمە، بۆیە ئیش دەست ناکەوێت، بۆیە وولات دواکەوتوە، بۆیە روشنبیری و

Kurdistannet.org

فەرهەنگمان بودواوە چوە !! و.... بەتایبەت لە هەلومەرجی ئیتسادا و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بە لێشاو باس و قسەو پڕوپاگەندەی ژەهراوی راسستی لەم بابەتانە دەبینین و دەخوێنینەوە، هەر مانگی پێشوو لە دانیمارك ئەوەمان بینی بەڕادەیەك کە چەپ و راست هیچ سنورێکیان لەنێواندا نەمابوو دژ بە " بێگانەگان"، بەکورتی " بێگانەکان" ئەو ماددەو مەسەلەیەیە کە هەمیشە لە بەردەست دایە بو دروست کردنی کوسپ و گەورەکردنی بەتایبەت لە کاتی بونی قەیرانە ئابوری‌و سیاسی‌یەکاندا، ئەمە بەرژەوەندی ئەو یاسا و مامەڵەیەیە کە حکومەتانی ئەورپا دەیکەن بە یاسای "پارێزگاری لە کلتورە جیاوازەکان". بەلام هێنانەوەی کەمایەتی بوٚ؟ ئەمە چ درویەکی گەورەیە، ئەی بوٚچی بەریتانی‌یەکان لە ئەلمانیا، وئەلمانی‌یەکان لە سوید و فەرەنسانی‌یەکان لە ئیسپانیا، کەمایەتی نین، ئەی بوٚی ئەوان یاسای کلتورە جیاوزاەکان نایان گرێتەوە، توبڵێیت، هەموویان فوتوکوٚپی یەکتر بن و جیاوازی‌یان نەبێت، لە زمان و خواردن وجل وبەرگدا؟! کەواتە هەروەکوو لەپێشەوە باسمان کرد، مەسەلەی ئەوان رەگەزە وەجاخە و عەرقە و بەم مانایە ئەم یاسایە یاسایەکە بەتەواوی راسستی‌یە، ئەم یاسایە بوئەوەیە کە نەهێڵیت بونمونە خەڵکی کورد زمان یان ڕوژهەلات، مامەڵەی ئەویاسایانە بکەن کە لە ئەورپادا بەخەباتی خویناوی ئینسانەکان هاتوتە دی ،نەك خێرو بیری ئەم حکومەتانی لەسە رکارن، چونگە پیٚیان ڕەوا نابینن، بانتری خوٚیان حەتمەن لە ژێر دەستی دیکەدا دەبیننەوە، پێشکەوتنی خوٚیان لە دواکەتوی ئەوانی تردا تەماشا دەکەن، بەم پیٚیەش ئەم ڕوانگەو ئەم یاسایە تاسەر ئیسقان کوٚنەپەرستە، ئەی بو پاراستنی مافەکانی ئەوانە؟ مافەکانی ئەوان چی‌یە تاکو بەجیا لەهاوولاتانی سویدی یان ئەوروپایی بپاریزرێت ئەگەر مافەکانی مروڤە، ئەوا بەشێوەی جوراوجوراو تاڕادەیکی زوٚر نزیك بەیەك لە هەموو وولاتانی ئەوروپایی‌دا پاریزراوە بوهەموان لەوانە " بیگانە" کانیش، ئەی کام مافی ئەوان؟ دیسان ئەمەش دروٚیەکی شاخدارە، مەسەلەکە تەنها جیاکردنەوەی ئەمانەیە و بەکەم گرتنیانە، وەك ئینسانێکی پلە دوو وتەنانەت وئەوانیش لە نیوخویاندا دابەش دەکات بو پلەو سیٚ و چوار، ئەگەر مەسەلەکە کوٚمەلیكٚ مافی ترە وەك فێربونی زمانی دایك و... ئەوە چ پێویست دەکات یاسای تایبەتی بو دابنرێت لە ژێر ناوی کلتوری جیاوازدا، ئەی خوٚ لەهەموو ولاتانی ئەورپایی‌دا لایەنی کەم و بەجیا لە زانکوکانیش کورسی فێربونی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی هەیە، کەواتە ئەم پڕوپاگەندەیەشیان هەروەها ریاکارانەو دروٚیە، فروشتنی دواکەوتویی‌یە لەژێر ناوی مافی مروڤدا، دەرخواردانی راسستی‌یە لە ژێر ناوی مافی کەمایەتی‌یەکان ودیمکراتی‌دا. بە پیٚی ئەم یاسایە موحەجەبەکردنی مندالان، مەسەلەیەکی دیمکراتی‌یە، چونکە یەکەم کلتوری خوٚیانەو دووەم هەر بەپیٚی کلتوری خوٚیان باوك دایك دەتوانی بەزوٚر بیکاتە سەر سەری منداڵەکەی، لەم ڕوانگەیەوە بڕاوەتەوە کە کلتور دیاردەو دەستورێکی ئەزەلی‌یە، ئینسانەکان ناتوانن دەست بەرداری بن و لەسایەی دیمکراتیشدا دەتوانن بە ئارەزوی خوٚیان پیادەی بکەن، جا با کلتورەکە تاوانیش بکات با قەتلیش بکات با توندوتیژیش بنوێنێت، بەم پیٚیەش لەگەل لێکدانەوەی زانستی‌دا ناگونجێت و دورە لیٚی.

هەرکەسیك پاریزگاری بکات لە کلتورە جیاوازەکان، ناتوانێت لەبەرانبەر کوشتنی فاتمەکان وپیلاکاندا هاوبەش نەبێت، ناتوانێت لایەنی کەم بەشێك نەبێت لە ماددەی ڤکری ئەم جوٚرە تاوانانە، وە هەرکەسێکیش بیەوی فاتمەکان و پێلاکان نەکوژرین و بەر بگرێت بەم خوێن رشتنە پێویستە بەهەموو توانای لە دژی یاسای " ئازادی کلتورە جیاوازەکان"و مافی کلتورە جیاوزەکان بەتوندی ڕابوەستێت و خەبات بکات، ڕابگەیەنێت، ئیمە یەك کلتوری ئینسانیمان دەوێت وپێویستمانە، کلتورێك کە شوناسنامەکەی تەنها ئینسان خوٚی بێت، نە نەتەوە، نە دین، نە ڕەنگی پیست، نە ڕەگەز، نە نیرومیٚ و... لەبەرکردنی کلتورێکی ئینسانی و خەبات کردن بوٚی بەشێوەیەکی گونجاو ڕیگایەکە دەتوانێت پێش بگریت بەم تاوانانەو هەلوەشانەوەی ئەم یاسایەش فەرز بکات بەسەر حکومەتەکانی ئەورپادا، لەم ڕیگایەشدا ئێمە تەنها نین، لەنیوٚ هەر کوموٚیونتی‌یەك و لەنێو هاوولاتیانی سویدی و بەریتانی و فەرەنسی‌دا لە ڕەنگی خوٚمان زوٚرەو کەم نی‌یە.

## *فاتمەی گیان بازی ڕیگای ئازادی !

Kurdistannet.org

فاتمه بۆیه کوژرا چونکه ئازادیخوازبوو، چونگه شوڕشگیر بوو، چونکه بەرگری کار بوو له مافەئینسانیی‌یەکانی خۆیَ و دەوروپشتی، بەم پیٚیه گیانی بەخت کرد له ڕێگای مەسەلەیەکی ئینسانی‌دا. گیان بەختکردن وفیداکاری تەنها لەنێو حیزب و ڕیکخراوەکاندا نی‌یە، تەنها ئەوەنی‌یە ، کە چەك هەڵگری بەرانبەر بە حکومەتی تورکیا ! یان بەرانبەر بە حکومەتی بەعسن بەڵکو پارێزگاری و بەرگری کردن له هەر مافێکی ئینسانی و لەهەر مەیدانێکدا، خۆی گەورەترین گیان بازی‌یە و گیان بەخت کردنه لەو پێناو مەسەلەیەکی ئینسانی‌دا. فاتمه له ژیانی ڕوژانەی خۆی و له پراتیك کردنی شێوەی ژیانی خۆیدا ئاڵوگوڕێکی دروست کرد بوو دژ به کلتورێکی داڕزیوو بەقازانجی داواو کلتورێکی ئینسانی بەم پیٚیه شورشگێربوو، گۆرینی واقعیەتێکی دواکەوتوو بو حالەتێکی پیشکەوتوو وە پراتیککردنی  بەشێوەیەکی ملموس و لەژیانی عەمەلی دا گەورەترین سیمایی شورشگێرانەیە، من لای خۆمەوە سەری ڕیزو نەوازش بۆ ئەم گیان بازەی ڕێگای ئازادی دادەنەوێنم و سرودی ئەنتەرناسیوناڵی بۆ دەچڕم.
زیندوبێت فاتمەو فاتمەکان.

٢٠٠٢/١/٢٥